

# شەترەنج؟!

*ئەی شارەکم!*
*خۆزگەم بە خۆت،*
*بۆ ئە و هەمووە، گوڵە  جوان وخۆشەویستەی لە سەر ڕۆخسارت شین دەبن.*

مەن بوو بلالی دەشتدە، میوە فشاری نەینرەم
زەحمتکیشە وەردیگینیز ،هەفتەشوعاری نەینرەم،

مەپرسە لە شەو  بۆ دڵی رەش هەڵگە راوە، مەپرسە لە ئەستێرە بۆ پووڵەکەی بەژنی ئەوئاسمانەیە،
مەپرسە لە سیسرک بۆ زنگیانە دەخاتە گەردنی بێ دەنگی ،
مەپرسە لە شاعیر  بۆ هەڵوەدای سیحری وەشەی نەدۆزرا ونەکوتراوە،
مەپرسە لە شەم بۆ لە نێو دڵی فرمێسکەکانی خویدا دەتویتەوە ودەکوژێتەوە،
مەپرسە، چاوەرێ بە،
هەتا شەو پەیمانەکەی پڕدەبێ و دەزرینگێتەوە،
ئەوجار بە ئاسپایی، وەرە گوێ رادێرە...

وەکوهەموو جارێک بە ئەسپایی خۆی خستە باوەشی ژوورکە، چاوەکانی بریقەی دەداوە و مزگێنی و خەبری خۆشی پێ بوو، لە دەوری کۆبووینەوە. ئەو شەوە لە میوانییەکی نەهێنی، کە هێندێک شاعیرو نووسەرو رۆشنبیر لە شاری تەورێز پێکیان هێنابوو، دەگەرایەوە.
مەپرسە چاوەرێ بە، بە ئەسپایی گوێ رادێرە.....
لەو میوانییە کەس حە قی نەبوو، قاقەزو قەڵم و هەر شتێک وەکوو دەزگای تۆمارکردنی دەنگی پێ بویایە، ئەوەی دەکوترا، نەدەکووتراوە. بەڵام ئەو ئینسانە پیرۆزە، پێویستی بە وانە نەبوو، هەر بەو تاقە جارکوتنە، شێعرێکی زاتیری و حەنکی، هەر لە سەرەتاوە تا ئاخر لە بەرکردبوو،بێ ئەوەی دێرێکی بپەڕێنێ یاخود وەشەێکی بزر بکا.

ئاغ دووگی یۆخ، پیشرمەگە،زوود پزگازی نەینرەم
رازوو نیازی نەینێرەم، جای نمازی نەینرەم،[i]

لەو ڕۆژەوە ، هەر کە دەهاتەوە ماڵێ، کۆپلەیەکی نۆیی بۆ دەخوێندینەوە، کە دیار بوو لە هە ستی پاک و خاوێنی سەر چاوەی دەگرت......

مەن کە چیماغ بیلمرەم، خەڵیجی فارسی نەینرەم،

هەموو کاتێک قسەی تازەی پێ بوو!

مەپرسە،
چاوەرێ بە،
با خۆر پرچی ئاڵۆزی ،هەموو شاخەکانی وڵاتەکەم داهێنێ،
ئەو جار، بە ئەسپایی وەرە، گوێ رادێرە،

تازە لە بیهداری هاتبووە، لە باخچەی ماڵی هاوکارەکەی بە قەرا چارەکەیەکی کوردی، سەوزی هینابۆوە.لە ناوەراستی ژوورەکە دانیشتبوو، لە گەڵ ژن و کچێکی جیرانی خەریکی سەوزی پاک کردن بوو.
دوو کەس لە ناکاو وەژوور  کەوتن، پێکەنینێک خۆشییە سەردەم و چاوی و چاوەکانی بڕیقە ی داوە و کوتی:
"ئەوە هەردوو کەنیشکە گەورەکانم هاتنەوە، ورەن ڕۆڵە عەمر دڕێژ بن، ئەو سەوزییەم لە گەڵ پاک کەن."
ژن وکچە کە بە شەرمەوە پێکەنین، بەڵام ئەو قاقایەکی کێشاو بە خۆشییەوە کوتی:
شۆخی دەکەم، ئەوانە هەردووک کوڕی منن.

ژیانی پڕ لە چەرمەسەری و ئاوارەیی، پێکەنینی لە بیر نەبردەبووەو، قسە خۆش و لە بەر دڵان بوو. ئەگەریش گەلێی دەکرد، پڕ لە خۆشەویستی بوو:
"ئەو پیاوە هەموو ڕۆژێک کتێبێکم بۆ دەهێنەتەوە، لە بارەی/ نهێنییەکانی خۆراک و قازانجی سەوزیجات/،ئەوە منیش چووم کۆڵێک سەوزیم بۆ هێناونەتەوە، هەر کووکیی سەوزی بۆ دروست دەکەم، با بیخۆا بزانم قازانجی لە کوێ دایە!"
دیسان قاقاو پێکەنینێکی خۆش.
" ئاخە وەڵا، چی بکەین لەو غەریبیە، بە دەردی فارس کە دەڵێن:/بخند تا دنیا به رویت بخندد./ لە بەر خاتری منداڵەکانم نەبوایە، چم دەکرد لەو عەجەمستانە!"
چاوێک لە حەوشە دەکا. کوڕێکی منداڵکار بە پەلە خوی بە ژووری حەوشەدا دەکاو هاوار دەکا: ئەی دایەگیان بە قوربانت بم، لە کوێی؟
"فەرموو قوربان، ئەوە کوڕەکەم بۆتە حاجی لەک لەک و هەموو ڕۆژێک دەچێتە سەر ئەو دارەی بەر دەرکیماڵمان و لەوێ هەڵدەنیشێ."
ڕووی قسە کانی لە دوو کوڕە گەورەکەی بوو:
" ڕۆڵە گیان ،ئێوە وەکوو زێڕو ئاڵتوون وان، لە سەرگڵ بن و لە ژێر گڵ، لە بایخ و کەم نابێتەوە ولە سەر ئەسڵ ونەسەبی خۆ لا نادن."
پێکەنین بە ئەسپایی بزر دەبێ ، سێبەری خەمێکی شاراوە وەکوو تانە، خۆی دەخشێنیتە سەر گلێنەی چاوە جوانەکانی.
مەپرسە لە شەپۆلی دەریا و وەشوێن ماسییەکی نەناسراو مەکەوە،
تووئێتی خۆت بە ئاوی کانییەکی وڵاتەکەت بشکێنە،
ئەو جار بە ئەسپایی وەرە و گوێ ڕادێرە.....

وەکوو هەموو کاتێک بە بێ دەنگی و لە سەرەخۆ هاتە ژوورەوە، منداڵەکانی خەریکی یاری شەترەنج بوون. بێ ئەوەی سەریان لێ بشێوێنێ لە تنیشتیان دانیشت و سرنجی یارییەکی دان. پرسیاری بۆ دروست ببوو،کە یارییەکە تەواوو بوو، کوتی:
"پێم خۆشە فێری ئەو یارییەم بکەن، بە ڕاستی زۆر قووڵ وسرنج ڕاکێشە!"
دوو سێ دۆستی کوڕەکانی لە وێ بوون، هەموو بە خۆشییەوە، وڵامی ئەو پرسیارەیان داوە وشێوە وچۆنیەتی یاری کردنیان پێکوت و داوایان لێ کرد ، بێت و لە گەڵیان یاری بکا، بەلام ئەو دەڵێ:
"من فیعلەن تەماشاچیم، خۆم فێردەکەم."
لەو شەوەوە،هەموو جارێک زۆر بە حەوسەلە چاوی لە یارییەکە دەکرد و بە بێ دەنگی خۆی مات دەدا.
ڕۆژێکی کوتی: "من پێم خۆشە بە تەووری جیدی قانوونی شەترەنج فێرببم."
یەکێک لە کوڕەکان کتێبی قانوونی یاری شەترنجی لە نووسینی ، خۆسرەوی ڕوزبە بۆ هێنا.
لە ئیدارە کە دەهاتەوە، پاروە نانێکی دەخۆاردو ،ئەگەرلە دەرەوە ئیشی نەبووایە، لە سووچێکی ژوورکە دادەنیشت و کتێبە کەی دەخوێندە وە، قەت حازر نەبوو یاری بکا. ئەگەر کەس کاری بە شەترنج نەبووایە، لە گەڵ خوێندنەوەی کتێبەکە، خەریکی شەترەنج دەبوو. لە دوای ماوەیەک، گەیشتبووە مسائیلی شەترەنج و هەتا درانگانێک خۆی پێوە خەریک دەکرد.
لە نێو ئەو کۆمەڵە لاوەی کە لە ماڵی ئەو کۆ دەبوونەوە، دوو کەس زۆر باشیان شەترەنج دەزانی.
کە کتێبەکەی تەواوو کرد، شەوێکی بە کوڕە چکۆلەکەی کووت: "وەرە شەترەنج بکەین!"
کوڕەکەی کوتی: بابە خۆ تۆ شەترەنج نازانی،هەتا ئێستا کایەت نەکردووە!
ئەویش لە سەرە خۆ بە هێمنی دڵێ: "عەیبی یوخدی ئۆغلم، گیال ئۆینە.
لە گەڵ ئەو دەستیان بە یاری کرد، بە دوو سێ حەرەکەت(جوولە)، کوڕەکەی کیش و مات کرد. لە گەڵ هەر جوولەیەکی بەرانبەرەکەی، لە بەر خۆیەوە دەیکوت : "زۆر جوان و زۆر بە جێ!/ئەو بردنەوەیە تەسادوفی بوو."

شوێنی ئەو ڕێگایە،
لە هیچ ڕێبوارێک مەپرسە،
پریسکەی هیچ کۆچەرێک بە شانی خۆت دامەدە،
پێ دامەنێ لە سەر سێبەری هیچ غەریبێک،
قتماغەی برینی کۆن هەڵ مەکۆڵە،
*"کانێکی ئاوی لێ دەخۆیەوە، بەردی تێمەخە"*[2]

تە نیا وەرە دانیشە و
بە ئەسپایی گوێ ڕادێرە......

کوڕەکەی بە تووڕییەوە: بابا دیسان بیکینەوە.  ئەو جاریش هەمیسان بردییەوە. ئەو شەوە دانە بە دانەیانی کیش و مات کرد، هەموو لە شێوە کایەکردنەکەی سەریان سوڕما بوو، دوای ماوەیەک شەترەنج وا فێرببوو، کەس لی نەدەبردەوە،زۆر جاریش مە سائیلی شەترەنجی دادە نا و دەیکوت: دە حەلی کەن؟

*** ***

تیشکی خۆر کەوتۆتە سەر هەموو بەرزاییەکانی شارە خنجیلانەکەی بۆکان،
هەباس ئاغا و سەڵتەنە خانم[3]،
ئەو دوو ئینسانە پیرۆزە هەتا سەرلووتکەی مرۆڤایەتی و ئینسانیت چوون و ئاڵای خۆشەوستییان بەرز کردەوە......

کۆڵن ، شەوێکی زستان، دوور لە وڵات.
سولەیمان فەرشی

---

[i] - شاعیری شێعرە تورکیەکان، مەلایەک بوو کە نازناوی "ئاتەک"ی لە خۆی نابوو، شیعرەکانی بە شێوەی زارەکی بڵاو دەکردەوە، کەس پێنەدەزانی کە شاعیر کێیە، پاش چەند ساڵێک پێیان زانی و راپێچی زیندانیان کرد و عەباوعەمامەی مەلایەتیشیان لە لەشی داماڵی و چارەنووسی بۆ نووسەری ئەم دێڕان نادیار ماوتەوە.
[2] - قسەی باو و کاڵان
[3] - هەباس ئاغای ئەمین ئاوە و سەلتەنە خانمی وەتەن پەرەست